

# له چاوەڕوانی ژنێکدا

**دڵشاد عەبدوڵڵا**

لەشی تۆ کیشوەری باکوور بوو
ئەستێرەی بەستەڵەک دەبریسکایەوە لە گۆی مەمکتدا
باڵندەی بەفر هەڵدەفڕین لە پەرچەم و لاجانگتدا
لە شەختەبەندی سینەدا خلیسکانێمان دەکرد
دەستم دەتەزی بە کەزی چلوورەوە

# دەق



لێوم دەیبەست لە زنەی لامل و گوێچکەدا
چرۆی هەموو لقەکانم دەپشکووت لەناو زوقمی باوەشی ڕووت
کانیی فرمێسکم دەتەقی لە بن سەهۆڵی گەردن و ڕووت
گۆمی مانگەشەوبوو خەرمانەی دەوری ناوکت
ڕانم شین هەڵدەگەڕا دەماری، لەناو زریانی نەشئەدا
ئەوکاتەی بە گردی بەقا هەڵدەگەڕا
بەو جلە فەرووانە خۆمان دادەپۆشی
کە لە پێستی لەززەت گورابوون
دەتووت مندالی تازە خولقاوین.
ئێستا دانی پێدا دەنێم، کوانووی ئەو جێیە ساردانە
کڵپەیان بەتینتربوو.
لەشی تۆ بەفری نووستووبوو
پەنجەی من خوێنی لەبندا دەچۆڕاند
بەوشێوەیە ژیانمان هەڵدەدا لە دەفری بلووریندا
بادەی سپیمان هەڵدەدا نەخبی لەشی بەفرین.
هەتا بەفریش بارستایی زۆرتر بوایە
زیاتر دەنووساین بە یەکترەوە.
لەناکاو لە یەکتر جودابووینەوە
بێ ئەوەی بیانوویەك لەئارادابێ
وەکو ئەوەی سیحرمان لێ کرابێ
لە یەکتر دوورکەوتینەوە.
باڵندەی باکوور چوویە کوێ؟
کیشوەری سپی چیت لێهات؟
کوا ماچی جەمسەریی؟ کوا شەوی جەمسەریی؟
کوا عیشقی جەمسەریی؟
وەرزەکان هاتن گەڵایان هەڵڕشت
کۆشم پڕبوو لە بێ تۆیی
تەڕاتی ناوقەدیان گوشیم خەزانی بێ تۆیی.
مێژووی من و تۆ بە دۆزینەوەی لەش دەستی پێ کرد
لە کوێ کۆتایی هات؟

بێ تۆ کیشوەری ئەفریقیام ئەمێستا
لە گەرمای خۆمدا سووتاوم
باڵندەی ئاگرم لە کوێی؟ قەقنەسی شەیدایم لە کوێی؟
ئەو لەشەی پەرستگامان بوو
عیبادەتمان دەکرد تێیدا
یاریمان دەکرد تێیدا
دەمردین و زیندوودەبووینەوە تێیدا
رۆحی تێکدەرانە ئەویشی تێکدا
لەش گوناحی چی بوو لەش؟
لەشی من و تۆ.
بۆ قەدرمان نەزانی؟ سادەو بێ گرێوگۆڵ بوو
بەشەریش لە ئەزەلەوە حەزی لە ئاڵۆزییە
بەڵام لەش چۆن دەتوانێ ئاڵۆز بێ؟
چاو ئاڵۆزیش بێ فرمێسك سادەی دەکاتەوە
لێو ئاڵۆزیش بێ زەردەخەنە شیرینی دەکا
سینگ و مەمك چی بکا چی ئاڵۆزی دەکا؟
هەروەها...
هەروەها...
دڵ دەتوانێ ئاڵۆز بێ،
بەڵام دڵی من و تۆ پڕ خۆشەویستی بوو، ئاڵۆز نەدەبوو بە هیچ!
وەکو بۆن بگەڕێوە بۆ پەلك
وەکو ڕووناکی بۆ دیدە، یان هەناسە بۆ سییەکان و شینایی بۆ ئاسمان
رۆح لە بەرزایی و نشێوان هێندە گەڕاوە بەدواتدا بە قەت داوێك باریك بووەتەوە
بیئاڵێنە لە پەنجەتدا
بەقەت باڵی پەپوولە تەنك بووەتەوە بیدە بەخۆتدا
هێندەی کوتیوە چەکووشی ئازار
هێندەی هەڵکۆڵیوە دووری
پڕبووە لە نەخش و نیگار
هەڵیواسە بە گەردنتەوە
ئەمجارەیان مەحاڵە لێت جوێ بێتەوە.

